# ٣٣ ـ شەوی شەو بەراتی

هەموو سالی لە شەوانی شەو بەراتدا ، پۆل پۆل منداڵ کۆ ئەبنەوەو هەر پۆلی رووی لە گەرەکێك ئەکرد ، بە کولانەکاندا ئەگەرران‌و ماڵ بە ماڵ لە بەر دەرگاکان ئەوەستان‌و ئەیان ووت :

شەوە شەوی شەو بەراتێ
خوا دوو کوڕو کچێکتان بداتێ
خاتوونی سەر بە زێڕێ دەس لە کەندووان بگێڕێ
بەشی منداڵان بنێرێ

کابانی هەرماڵێکیش چنگە قەسپێک ، یا چنگە مێوژێک ، یا هەر خواردنێکیتر ئەدا بە منداڵەکان . جاریوا ئەبێ کچێک شتەکە ئەدا بە منداڵەکان ، چەند منداڵێکی تاڵچاغ پولەدا ئەبێ پێی ئەڵێن :

خوا مێردێکی جوانت بداتێ
لە جوانیدا کەس نەی گاتێ

کچەکەش شەرم ئەیگرێت و بە توزەیی جنێو بە منداڵەکان ئەدا . بەم جۆرە هەر تاخمەی خواردنێکی زوریان کۆ ئەکردەوەو لە گەڵ یەکا ئەیان خوارد .